# سیاسەتی زمان لە هەرێمی کوردستان؛ لە ژێر رۆشنایی پێشکەوتنە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکاندا

Momen Zellmi (Ph.D.)
Gasha Technical Institute, Erbil, KRI, Iraq
momen.amin@gasha.edu.iq

# پێشەکی ...

- هەرێمی کوردستان و سیاسەتی زمان
- کێشەکە لە کوێ دایە؟
- زمانی کوردی و دەستوری عێراق
- هەژموونی زمانی عەرەبی
- پێگەی زمانی ئینگلیزی
- چارەسەر چییە؛ دەرفەت و ئاڕاستەکان

GASHA Technical Institute

# Problem…

## It has been noted that, in Kurdistan Region:

- there is no clear language policy adopted in the region and there is a lack of awareness about language policy from decision-makers
- there is no standard language,
- there is no overt LPP and the what, the thesis finalized that the current LPP is covert.
- there are no serious attempts in this region to standardize an official Kurdish language
- the English language acquisition planning as a foreign language is not systematic;
- there are no governmental or institutional decisions to regulate the process of teaching and learning of English.

GASHA
Technical Institute

# Language Planning Policy

| | |
|---|---|
| Cooper (1989) | Defined as the deliberate efforts to influence the behavior of others with respect to the acquisition, structure, or functional allocation of their language codes. |
| Kaplan & Baldauf (1997) | Language planning and policy can be defined as a body of ideas, laws, regulations, rules and practices intended to achieve the planned language change in the societies, group or system |
| McCarty (2011) | it is a complex sociocultural process [and as] modes of human interaction, negotiation, and production mediated by relations of power. |

GASHA
Technical Institute

# Language Planning Policy




Baldauf (2005)

GASHA Technical Institute

# Language policy In Kurdistan Region

## Political Parties

- KRG & LPP
- Parliament & LPP
- Media & LPP

- Education & LPP
- Religion & LPP
- Economy & LPP

## Linguistic landscape

### Kurdish language
- Standardization
- Alphabetic change
- Language/dialect right

### Arabic language
- Arabization
- Constitution
- Hegemony

### English language
- Globalization
- Ecology and Diffusion
- Language and Power

GASHA
Technical Institute

# ☐له پلاندانان بۆ شكۆمەندیی زمان سێ ڕەهەندی جیاواز دەخەینەڕوو:

یەكەم: بازارسازیی زمان، گواستنەوەی زمان لە بابەتێكی ئەكادیمییەوە بۆ پێویستییەكی بازار، یان باشتر واقیع بخوێنینەوە، وا بكەین زمانی كوردی لە بازاڕی كار و كایەی بازرگانی و بازارسازیدا گرنگی هەبێت، خەڵك بۆ پڕكردنەوەی پێویستییە بازرگانییەكانیان پێویستە زمان-پاڵێو بەكاربهێنن، ئەمە دوولایەنە دەبێت، هەم پێویستە حكومەت لە ڕێگەی وەزارەتەكانەوە كۆمپانیاكان ئاڕاستە بكات و ڕۆڵیان پێبدات و هەم خەڵكیش، بەشداری ئەم پڕۆسەیە بن.

دووەم: گواستنەوەی پێداویستی بازاڕ بۆ ناو پەروەردەو خوێندن: پێویستە وا بكرێت خەڵكی بە وەرگرتنی بڕوانامەی بەشەكان لەزانكۆ و پەیمانگەكاندا بە زمانی كوردی بتوانن كار دەستبخەن، چونكە ئێستا ئەو كەسانەی كاریان دەستدەكەوێت ئەوانەن كە زمانی كوردی نازانن، ئەمەش كاركردنی جیددی دەوێت لە پڕۆسەی پەروەردە و خوێندنی باڵادا، بۆ نموونە لە بەشەكانی زانكۆ كە لە ئێستادا بازاری كار پێویستی پێیانە بەشەكانی ژمێریاری، یاسا، كارگێڕی، بەڕێوەبردن ... تاد، هەتا ئێستاش پرۆگرامی خوێندنی ئەم بەشانە بە زمانی عەرەبییە، گۆڕینی زمانی خوێندنی ئەم بەشانە بۆ كوردی ڕێگاكە نزیكتر دەكاتەوە.

سێیەم؛ زمانی كوردی ببێتە خاڵێكی بەهێز لە دەستخستنی كارو پێگەی بازرگانیی، بۆ نموونە هەتا ئێستاش زۆرینەی زۆری هەلی كار داوای زانینی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەكریت، لە كاتێكدا زۆرێك لەو شوێنانە پێویستیان بە زمانی بیانی نیە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەو شانازییە بۆ زمانی كوردی بێت ئێستا كۆمپانیاكان زانینی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بە خاڵی بەهێز دادەنێن، و گەنجان ناچارن بۆ كار بمێننەوە یان هەوڵی فێربوونی زمانی بیانی بدەن.

# ❑ئاڵەنگارییەکان

## ❑ لە هەوڵدان بۆ پلاندانی شکۆمەندیی زمان، دوو ئاڵەنگاریی سەرەکی دێنە ڕێگامان:

یەکەم: جیهانگەرایی یان ئەوەی پێی دەوتری پرۆسەی ئەمێریکانایزەیشن و ماکدۆناڵیزەیشن، کە وایکردووە زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی هێز و بازاڕ و میدیا و سیاسەت، ئەگەرچی ناکرێت و ناتوانرێت هەرێمی کوردستان لە شەپۆلی زمانی ئینگلیزی بپارێزرێت، بەڵام گرنگە کە حکومەتی هەرێم بە دیدگایەکی زانستییەوە و بە دارشتنی سیاسەت و پلاندانی زمان ژینگەی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەم شەپولەدا بسازێنێت.

دووەم: کارلێکی کۆمەڵگە لەگەڵ هەژموونی زمانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێمە موسڵمانن و زمانی قورئان و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) عەرەبییە، هەروەها پاشماوەکانی پرۆسەی تەعریبی رژێمی پێشوو لەسەر هەرێمی کوردستان هەتا ئێستاش کاریگەری گەورەیان هەیە، زمانی عەرەبی هەژموونێکی فراوانی لەسەر زمانی کوردی هەیە، بۆ نمونە لە وتارە ئاینییەکان زمانی عەرەبی کاریگەرترە، لە دادگا و ژینگەی یاساییدا هەژموونی زمانی عەرەبی بە روونی هەستی پێدەکرێت.

GASHA Technical Institute

# سیاسەت و پلاندانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان

زمانی ستاندارد | ئەلفبا | ڕێنووس | مافی زمان | زمانی دووەم | زمانی بیانی

## سیاسەتی زمان

- ڕوونکردنەوەی پرۆژەکە
- گەڕان بە دوای باشترین بژاردەدا
- ڕێکخستنەوەی پۆلێنکاری زمانی کوردی/شێوەزارەکانی
- ئەنجامدانی سیمینار و دیدار
- کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان

## حزبە سیاسییەکان

- ڕوونکردنەوە بۆ سەرکردە و بەرپرسانی باڵا
- داوای پشتیوانی پەرلەمانیی و میدیایی
- ڕێکخراوە پیشەییەکان

## پەرلەمان

- ئامادەکردنی پرۆژەیاسا
- کۆبوونەوەی پەرلەمان
- پەسەندکردنی یاساکە
- بڵاوکردنەوەی یاساکە

## حکومەت

- جێکردنەوەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەن
- سەرپەرشتی جێبەجێکردنی یاساکە
- ڕاسپاردنی وەزارەت و دەستەکان
- بەدواداچوونی جێبەجێکردن

## پەروەردە

- دروستکردنی لیژنەی باڵای وەزارەتەکان
- پێداچوونەوە بە زمانی نوسراوی پرۆگرام
- جێکردنەوە پرسی زمان لە هەموو ڕێنمایی و بڕیارە یاساییەکاندا.
- بەدواداچوونی جێبەجێکردن لەسەر ئاستی بەڕێوبەرایەتییەکان

## ڕاگەیاندن

- گۆڕینی زمانی ڕاگەیاندن
- گۆڕینی ناو بەرنامەکانی تەلەفزیۆن
- بەکارهێنانی ڕێنوس و ئەلفبای بڕیارلێدراو
- لە دراما و بەرنامە و پەیامە بازرگانییەکاندا

## بازاڕی کار

- گۆڕینی تابلۆی دوکان و فرۆشگاکان
- نوسینی کوردی لەسەر بەرهەمە هاوردەکان
- پارێزگاری لە زمانی کوردی لە بازاڕ

GASHA Technical Institute

# چی بکەین؟

- به مه‌به‌ستی پلاندانان بۆ شکۆمه‌ندیی زمان و داڕشتنی سیاسه‌تی زمان بۆ هه‌رێمی کوردستان چه‌ند پێشنیارێك ده‌خه‌ینه‌ڕوو:

یه‌که‌م: میکانیزمێك دابنێرت که مندالّ تا قۆناغی سه‌رەتایی ته‌واو نه‌كات ناچار نه‌کرێت ته‌نها به زمانی بیانی بخوێنێت، چونکه زمانی دایك وه‌ك شیری دایك بۆ مندالّ پێویسته.

دووه‌م: وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده گرنگی زیاتر به زمانی کوردی بدات بۆ مندالّان، له نێوان قۆناغی شه‌شه‌م بۆ حه‌وته‌می بنه‌ره‌تی " هه‌لّسه‌نگاندنی توانستی زمانی کوردی" دابنرێت بۆ هه‌موو قوتابییه‌ك، به‌تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی که له قوتابخانه نێوده‌وڵه‌تییه‌کانن، یان ئه‌و قوتابیانه‌ی له وڵاتانی ترەوه دێنه‌وه هه‌رێمی کوردستان.

سێیه‌م: هه‌ر کاڵایه‌ك که دێته ناو کوردستانه‌وه پێویسته به کوردی له‌سه‌ر بنوسریت و رینمایی له‌سه‌ر به‌کارهێنانی بدرێت، ئه‌مه وا ده‌كات هه‌موو تاکێکی کورد شانازیی به زمانه‌که‌یه‌وه بكات کاتێك ده‌توانێت به ئاسانترین شێوه رێنمایی و پێکهاته‌ی سه‌ر كاڵاكان بخوێنێته‌وه.

چواره‌م: کۆمپانیای فڕۆکه‌وانی و فرۆکه‌خانه‌کان ناچار بکرێن به کوردی رێنمایی سه‌لامه‌تی ناو فرۆکه پیشکه‌ش بکه‌ن، بۆ ئه‌وه‌ی گه‌شتیاران هه‌ستی شانازیکردنیان به زمانه‌که‌یان لا تۆختر ببێته‌وه.

پێنجه‌م: تابلۆی بازار و شوێنه گشتییه‌کان نوێ بکرێنه‌وه و پێویسته ناوی شوێنه‌که به کوردی بنوسرێت، ئه‌گه‌ریش پێویست بوو وه‌رگێڕدراوی زمانه‌کانیتری بۆ دابنرێت.

GASHA Technical Institute

- شەشەم: کۆمپانیا و وەبەرهێنەران ناچار بکرێن بەشێك لەو باجەی لێیان وەردەگرێت تەرخان بکرێت بۆ (پرسی شکۆمەندیی زمانی کوردی).. بە لایەنی کەمەوە هەر کۆمپانیایەك ساڵانە لە ١-٥ فیلمی کوردی، چاپکردنی ژمارەیەك کتێبی کوردی، چالاکی فەرهەنگیی سپۆنسەر بکات کە لە ژێر چاودێری وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتدا ئاراستە بکرێن.

حەوتەم: وەزارەتی خوێندنی باڵا وانەی کوردۆلۆجی/کوردناسی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ و پەیمانگەکاندا لا بدات، چونکە بە تەواوەتی بووەتە وانەیەکی پەراوێزخراو، لە بەرامبەردا سەنتەری زمانی زانکۆکان بۆ هەموو دەرچوویەکی زانکۆ وپەیمانگە "تاقیکردنەوەی نیشتیمانی توانستی زمانی کوردی" دابنرێت و هەموو دەرچوویەکی زانکۆ و پەیمانگە پێویستە لەو تاقیکردنەوەیە دەربچێت جا بڕوانامەکەی تەواو بکرێت.

هەشتەم: وەزارەتی پەروەردە لە رێگەی زنجیرە کۆنفرانسێکی تایبەتەوە هەموو مامۆستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا کۆبکاتەوە و ساڵانە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییەکان پێشبرکێی زانستی لەسەر توێژینەوە و بڵاوکراوەیان بۆ دابنرێت و ناچاریان بکات بە ئەنجامدانی توێژینەوەو بەشداریکردن لە پێشکەوتە زانستییەکاندا.

نۆیەم: وانەی کوردی ببێتە وانەی سەرەکی لە قوتابخانەدا و هەڵسەنگاندنی وردی بۆ بکرێت بە مەبەستی پێشخستنی و مەرجی حەزی قوتابی بۆ هەژمارکردن/ نەکردنی بۆ پۆلی دوانزە لەسەر وانەی کوردی لابدرێت.

GASHA
Technical Institute

- دەیەم: خانەی وەرگێران و موڵەتی چاپ لە وەزارەتی رۆشنبیری لیژنەی پێداچوونەوە دابنێت لە کەسانێك کە بە لایەنی کەمەوە سێ شێوەزاری زمانی کوردی بزانن، بۆ ئەوەی کەمترین وشەی بیانی لە تێکست و کتێبەکاندا بەکاربهێنرێت، چونکە زمانی کوردی بە دیالێکتە جیاوازەکانییەوە زمانێکی زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانرێت رۆڵی زانستی و ئەکادیمی پێ بدرێت.

یانزەیەم: وەزارەتی پەروەردە مافی خوێندن بە زمان/شێوەزاری دایکیی بۆ منداڵانی کوردستان بڕەخسێنێت لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەمەش جگەلەوەی مافێکی یاساییە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاخێوەرانی زمان شانازیی بە زمانەکەیانەوە بکەن.

دوانزەیەم: میدیا ئاراستە بکرێت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە نوسین و گفتوگۆ و ناوی پرۆگرامەکان و فیلمە وەرگێردراوەکان و ریکلام و تەواوی بابەتە پەخشکراوەکان، هەموو میدیایەك پێویستە وەك چۆن بەشی بەرنامەکانی هەیە بەشی پێداچوونەوەی زمانەوانیی هەبێت و لە ژێر چاودێری وەزارەتی رۆشنبیری دا ئاڕاستە بکرێت.

سیانزەیەم: لە دادگاکاندا هیچ گرێبەست بریار و داخوازییەك بە زمانەکانیتر ریگەی پی نەدرێت جگە لە زمانی کوردی، و زمانی کوردی سەرچاوەی سەرەکی یاسا وریساکان بێت نەك زمانێکیتر.

چواردەیەم: جگە لەو وانانەی کە زمانی فەرمییان بیانییە، قوتابی مافی ئەوەی هەبێت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی بە زمانی کوردی وەڵام بداتەوە، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی قوتابی کورد گرنگی بە زمانی دایکیی بدات.

پانزەیەم: لە بواری پزیشیکی و تەندروستیدا گرنگی زیاتر بە نوسینی رێنماییە پزیشکی و تەندروستییەکان بدرێت و رەچەتە پزیشکییەکان بە زمانی کوردی بنوسرێن.

GASHA
Technical Institute

# Thank You

GASHA
Technical Institute